www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 11:12 11-12-2006

# بانگەوازێک بۆ سیاسەتمەدارانی باشووری کوردستان: تکایە شیرازەی یەکگرتن خاومەکەنەوە... پارێزەر ئەحمەد حەمید پیرخدری



یەككگرتنی گەلانی هەردەولەتێك لەسەر ڕووبەری زەمینەی شیرازەداری چڕوپڕی نەتەوایەتیان بەستراوەیە بەیەك ڕاو یەك وشەیی سیاسەتمەدارانیانەوە. سەقامگیریی بیروكەو بۆچوونی ئەو چەند سیاسەتمەدارە لە بەرنامەی بەرژەوەندیەكانی باڵادا یەك دەنگی و یەك ڕەنگیی ڕیزەكانی گەلە لە یەك سەنگەردا.
نەخوازەڵا لە قەفەسەی گوڕەپانی كوردستانی لەچوار لاوە بەدوژمنان تەنراو، زیزبوونی هەر سەركردەیەك لە كوڕی یەككگرتووی سەركردایەتیی كوردا سەرەتایەكە بۆ ڕەو كردنەوەی گەلی كوردی ئەمڕوَی حەشاردراوی نێو یەك سەنگەر بۆ چەند سەنگەرێك و لە ئاكامدا بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ دەبنە حەشارگەی دەسەلاتی دوژمنانی دەورو بەری ئەم كوردستانە ئازادەی ئەمڕوَ، واتە ڕێگا خۆشكردنە بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی دوژمنان و (گاه بەدەستی كوردی خوێن مژو گاه بەدەستی تورك وگاه بەدەستی فورسەوە) . ڕزگاركردنی گەلی كوردو خاكی كوردستان بە پشتیوانی هێزی نێو دەوڵەتیەوە دەستكەوتێكی قەدەری خوایی بوو ئەگینا هەر لە ژێریدا بەئامانەوە ئەمان ناڵاند، ئەمڕوَ هەل و مەرجەكانی ئەو قەدەرە بەچەكداریی توندڕەویی لەپاڵ بنجگی عاگووڵی نێو لمی بیاباندا وەكو ئەنفالكراوەكان خرانە گوڕو گوڕەوشاریش دران. ئامان سەد ئامان با ئەم بەروبوومە فەریكە سوڕەمان وەكو ماسی نێودەریا لەدەست نەخلیسكێت وبا مێژووی دوورو درێژو تاڵی گەلەكەمان خوَی نوێ نەكاتەوە بەنەفرەتكردن لە خوَ بەڵێ تەنها لەخوَ. تكایە كاتی فرە حزبی نیە ویژدانی ئەم گەلە بەستەزمانە توانای بەرەنگاربوونی ئەندێشەی ساختری پێوە نەماوە. بە خوێنی هەشتاودووهەزار ئەنفالكراوی خانەقین و كفری و خورماتوو وداقوق و دایەنخانەكەی كەركوكی گەرمیان تەنها بەرنامەی نابەدڵی ماددەی سەدوچلی دەستوور داڕێژراوە كەمترین خەونەكانی ئەوفریشتانەی بەهەشت سیستەمی فیدراڵیە تاكو سنووری حەمرین، ئەگەرو نەگەریی جێبەجێكردنی ئەم ماددەیە بەتایبەت و دەستوورەكە بەگشتیی پابەندە بە بەهێزیمانەوە، یەككگرتنیش سەرچاوەی هێزە. لە هەل ومەرجەكانی ساڵانی شەستەكان و تاكو ناوەڕاستی حەفتاكان یەك دەنگی كورد لە یەك حزبیدابوو، لاوازبوونی شوَڕشی بارزانی نەمر لە لاوازبوونی یەككگرتندا نەبوو بەڵام تاكە دانەوێڵەیەك بوو بەرامبەر بە خەرمانی هێزی نێودەوڵەتی و هێزی هەرێمیی كەهەموو پشتگیری دكتاتوَری بەغداد بوون بەرامبەر بە شوَڕشی یەككگرتووی گەلی كوردی ساوای بێدیفاع و بێچەك. ئەو شوَڕشە مەزنە بە پیلانی نێودەوڵەتی لە ڕێكەوتننامەی جەزایەری ساڵی 1975 دا بە ئیرادەی نێو دەوڵەتی هەرەسی پێهێنرا، هەر ئەو هێزە نێو دەوڵەتیە ئەمڕوَ كوردیان خستە سەر كورسی خودموختاری بەڵام لەچوارچێوەی عێراقدا، دەبا ئەم دەسكەوتە مەزنە مێژوویەجارێكی تر خوَمان هەرەسی پێنەهێنین وخەونی هەزار ساڵەمان بەدەستی خوَمان لەپاڵ داربەڕوودا زیندە بەچاڵ نەكەین ئەو كاتە بەلمی بیابان دوَل وكەن وكوَریانمان سارێژ ئەكەن و پیرەمەگروون وهەڵگورد بەیەك ڕووبەرێكی ڕاست وەك وناو لەپ بە بیابانەوە ئەبەسترێن، ڕەگ و ڕیشەی عاگووڵ ودار بەڕوو لەژێر ئێسكی ئەنفالەكاندا تێكەڵ ئەكرێن و بەسەر یەكدا پێشبڕكێ ئەكەن، كوَڕی قاوەو دەلەو فنجان بە ئەسكڵی دارگوێزی هەورامان لە سێگوَشەكەی نێو هەرسێ پارچە بەگەرمیی ئەخرێتە گڕ، پەلەسیركە

کەو تار ئەکاو بێچوەکانی وەکو قەقنەز لەداخا بەبێئاگر گڕدەگرن، سەرانسەری کوردستان سەریان لێدەشێوێ، ئەوکاتەگوێزی کوێستان بەزوَرەملی ئەبێ لەسەر بنجگی خەڕنووك بڕوی، ئەگەڕێمەوە ئەڵێم هەڵگەڕانەوەی تاکە سەرکردەیەك خاوبوونەوەی شیرازەی یەکێتی جەماوەرێکی زوَرە، گەر جیاواز بوونەوە بەنیازی دامەزراندنی حزبێکی جیاواز بێت دەخیلە کاتی ئەوە نیە، دامەزراندنی حزبی تازە لەپاش هەرەس هێنان ڕوودەدات بەڵام ئەمڕوَ ڕەوشی کورد لە سەرتوَپی تواناو هێزدایە هەرگیز زیز بوون و جیابوونەوە لەبەرژەوەندی نەتەوایەتی کوردا نابێت. لەم قوَناغە ناسکەدا تکایە هەر بیروکەیەکی دژ بەیەکتر دووابخەن تاکو ساغکردنەوەی کەرکووك تاسنووری حەمرین

گەلی کورد نەك تەنها لە پارچەی ڕزگارکراودا بەڵکو لەسەرانسەری کوردستانی گەورەدا ئومێدی ژیانیان بەئێوەوە ئەستووره، ئەو سەرکردەیەی کە لەڕوَژانێکی سڕینەوەی خەباتی کوردایەتیدا سەری هەڵدا ئەوەی لێچاوەڕوان ناکرێت لەقوَناغی خەباتی دروێنەی بەروبوومی نەتەوایەتیدا پاشگەز ببێتەوە، خەلەو خەرمانی نەتەوایەتیمان لەچوار لاوە بروسکەی سووتاندنی بوَ ئەهاوێژرێت، سەرکردەیەك کاری خەباتی لە ڕێکخستندا بردبێتە سەر ئەندازیارو ڕوناکبیری ئەوبووارە بوو بێت ئەبێ لەئێستا بەدوواسەودای ئارەزوومەندانەو بە دووای ویستی کەسایەتیدا وێڵ نەبێت، ئارەزووی هەرە گەورەی گەلانی کوردستان لە کەمکردنەوەو یەکێتی حزبە کوردیەکاندایە. سەربەرزن سەرجەم پێشمەرگەو سەرکردەکانی قوَناغی خەباتی چەکدارێتی، هەموو گەلی کورد ئەمڕوَسەربەرزە تەنها بەیەکێتی و تەبایی سەرکردەکانمان، بەردەوام بێت بەئێوەوە ئازادی گەلی کورد هەر بەئێوەشەوە ڕزگاری خاکی کوردستان ئەپارێزرێت. بژی کورد بژی کوردستان، ئێمەی گەل یەکگرتووین بوَ ئارەزوومەندی خوَتان تکایە لەم قوَناغە هەستیارەدا بڕ بڕمان مەدەن با بڕبڕەی پشتمان بەئەستووری بمێنێتەوە. ئەوکاتە ئەژین کە کەرکوك بەیەکگرتنی ئێوە ئەگەڕێتەوە باوەشی نیشتیمان.